# بەشێك لەڕۆمانی (دەریا تۆرا)



نووسینی: یەشار کەمال
و: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

... دەریاکە رەش دەیڕوانی، کەوتبووە شەپۆلدان، هاکە گەرداوێ هەڵیکرد. خۆمان بگەیینایەتە مەتەکشا باش بوو.. سەلیمی ماسیگر سەری ماتۆڕەکەی بەر ئەو شەپۆلانە دابوو کە لەکەنارەکانەوە بەتوندی دەگەڕانەوە.. زۆر بەخێرایی دەرۆیشتین، شەپۆلەکان بەیەکیانا دەداو خۆیان دەکوتایە ناو بەلەمەکەوە. دنیا تا دەهات تاڵتری دەکرد. ئەو گەواڵە هەورانەی لەتەراقیاو بوغازو ئولوداغەوە دەهاتن‌و تێدەپەڕین، بەسەر سەرماندا بەیەکادەهاتن‌و دەکولان‌و بەرەو (بەیوك ئەدا) ملیان دەنا. شەپۆلەکان لەکەنارەکانی بەیوك ئەدا کاتێ بەر رەمپەکانی (قومقاپی) دەکەوتن بەقەد منارەیەك بەرزدەبوونەوە.. ئاوە شێت‌و هارەکە ئێمەی بەرەو (یەشیل کویی) دەبرد. باران دەستی پێکرد، لەڕاست‌و چەپەوە، لەخوارو‌و ژوورەوە، تێکەڵ دەبوون، رووی دەریاکە گێژن ئاسا دەخولایەوە، دەوروبەر لەڕەنگی خۆڵەمێشییەوە بەرەو تاریکی دەچوو، لەدوور لەبان (سەلیمیا) خۆر دەرچووبوو، لەدوورەوە ئاوەکە دەچریسکایەوە.

هەردووکمان دەڵێی لەئاو هەڵکێشراوین، ماندوو و کەنەفت. لەکاسکێتەکەیەوە، لەقاشی سوورو گڤی* ئاو دەتکا لۆچەکانی روومەتی پڕبوون لەئاو.. لەپڕ شەپۆلەکان داسوکنان، ئارام بوون، دەریا ساف‌و لووس، وەك نەبای دیبێ نەباران، من بەمە سەرسام بووم، دەریاکە بووە ئاوێنە. سەلیم ماسیگر وتی: (بالێرەدا راوەستین). ماتۆڕەکەی کوژاندەوە، وتم (باڕاوەستین)..

لەنگەرمان گرت. بارانەکە تا دەهات هێور دەبووەوە، رۆشناتر دەبووە دەوروبەرو مۆرهەڵدەگەڕا. بارانەکەش ورد ورد بلوور ئاسا دەهاتەخوارێ، بارانێکی مۆرو وردو رۆشنا، هەر چوون قەدیفەیەکی نەرم دەباری. سەلیمی ماسیگر سەری بەسەر سنگیدا شۆڕبووەوەو بیری رۆیشتبوو.. دەوروبەر تا دەهات رۆشناتر دەبووەوە، تا دەزووڵەی شینی کەمێ تاریکی بارانەکەش بەرەبەرە رۆشنابووەوە، هەورە شێتەکەی ئاسمانیش لەڕەنگی خۆڵەمێشیەوە بۆ شینێکی کاڵ گۆڕا.. هەر چۆنێ بوو، سەلیم ماسیگر



ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل

سەری هەڵبڕی‌و چاوی لێبڕیم، هەر تەماشای کردم، هەر تەماشای کردم، لێوەکانی بەئاستەم جوڵانەوە، شتێکی گوت، تێنەگەیشتم، دیاربوو دەیویست شتێکم پێبڵێ.. دەشمزانی بۆ پێم ناڵێ، هەر لەبەر ئەمەشی بوو، مۆتۆڕەکەی لەناو دەریاکە کوژاندەوە تاکو شتێکم پێبێژێ.. ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەش بێ لێرەکانە لەنگەری گرت. تەماشاکەمان تووشی یەك هاتن، بەناسکی پێکەنی: (ئەمە دەبینی..؟)، یەخەی کراسەکەی ترازان‌و نێوان شانیی‌و ڕەپەی ملی نیشاندام. لەوێیدا جێ زامێکی قووڵی پێوەبوو. جێ برینەکە قووڵ بوو..

(دەیبینم..).

(ئەمە جێ گوللەیە، گوللەی هەڵبەستراو، شانی چەپمی تێکداوە، هیچ هەستت پێنەکردووە؟!).

(پێم نەزانیوە.).

(شانی چەپم شکاوە.. دەزانی کەی زامداربووم؟).

(لەبارەی تۆوە گەلێ شتم بیستووە).

(ئا، باسدەکەن ئەی چۆن؟).

وتم (لەقومقاپی زامداربووی؟).

(نەخێر، نەخێر وانییە).

(مەراقمە بزانم).

هەمدیس سەری دانەواندەوە، لەڕوومەتیەوە، سیمۆلی، قاشە گڤەکانی تا لەگوێچکەکانیەوە چۆڕەی ئاو دەهات‌و سوور هەڵگەڕابوون. بێ ئەوەی سەری بڵندکاتەوە، وەك لەگەڵ بەلەم‌و دەریاکەو بەلەمەکەی بێ، خەواڵووانە، بەحاڵ پیاو گوێی لێدەبوو سەلیم وتی:

(لەئاگری داغ، من لەئاگری داغ زامداربووم.. کوردەکان لەئاگری یاخی بوون، ئەو دەمە من لەئەرزەرووم سەرباز بووم..) سەری هەڵبڕی، تەماشای کردم (تۆ ئاگری داغت بینیوە؟) وتم (دیومە، تا ترۆپکیشی سەرکەوتووم). وەك گومان بکا سەیرێکی کردم:

(تا سەر سەر ترۆپکەکەی؟!).

(تا سەر ترۆپکی نا.. بەر لەوەی بگەیتە ئەوێندەرێ راستاییەکی لێیە).

(ئێ.؟).

(لەو راستاییەدا، سێ گردی لێیە، جا لەڕاستیدا بەرزترین شوێنی ئاگری وەك ئێژن یەکێ لەو گردانەیە، من تا ئەو راستاییە رۆیشتووم، نەچوومە سەر ترۆپکی چیاکە کە بەرزاییەکەی نزیکەی شەست مەترێك دەبێ..).

(بەرزایی چیاکان چۆن‌و وەچی دەپێون؟).

(ئامێرێك هەیە ئەو کارە دەکات، من بینیومە، یانی تۆ لەئاگری داغ..).

(لەگەڵ کوردەکاندا بەشەڕهاتین. کوردەکان بەلآیەکن بۆ خۆیان، سوارەی چاکن.. کە بەرەو رووی یەکتربووینەوە کاسکێتەکەم بەشوێنێکەوە هەڵواسی‌و پیشانمدان، هەر ئەوەندەم خۆشبوو بینییان، بەجارێ پێنج گوللەی بەرکەوت.. ئێمە

ئەفسەرێکمان هەبوو ساڵح پاشایان پێدەگوت. پیاوێکی شووم‌و بەدێوم بوو، ئەتاتورک زۆری خۆشدەویست. ئەو ساڵح پاشایە بانگی دەکردمە کن خۆی.. با جارێ ئەم شەڕە کۆتایی پێبێ سەلیم، وای دەگوت، کە تەواو بوو دەیگوت خۆم خانەنشین دەکەم، دێمە (مەنەکشاکەی) لای تۆ، مەزرایەك دەکڕم، جا کاسکێتەکەی لار دادەنا، هەر وەك جەمال گورسیل لار دایدەنا، پاشا تڕ زلەکان کاسکێتەکانیان ئاوا لار دادەنێن. دەیووت لەوانەیە لە(چەکمەجە) پارچە زەوییەك بکڕم، ئەسپی تیادا بەخێو دەکەم، تەماتە دەچێنم، پێکەوە دەچینە راوەماسی، تا (بەیوك ئەدا) لێی ناوەستین سەوڵ لێدەدەین. منیش ترانەم لەگەڵدا دەکرد دەمووت، پاشا تۆ لەدەریا دەترسی.. بەپێکەنینەوە چی بێژێ باشە؟.. من ناترسم، بەڵام دیاربوو، پاشا لەدەریا زراوی دەتەقی.. خۆ بهاتایە کوردێك سەربازێکی بکوشتایە، ئەم پاشایە شێت‌و هار دەبوو، ئاگری دەکردەوە، لەبری هەر سەربازێکی کوژراو دێیەکی دەسووتاند، چەندی نێرینەی تیابایە ئەو دینە گوللەبارانی دەکردن. سەری دەسوڕمی، باوەڕی نەدەهات، عەقڵی نەیدەگرت ئەم گوندییە بەسزمانانە، بێ زمانانە لە(ئەتاتورك) یاخی ببن‌و لەڕووی راوەستن، کەللەیی دەبوو.. هەر کوردێکیان ببینی گوللەبارانی بکەن، ئەم مارانە شتاقیان دەرمەکەن، دەست مەپارێزن، ئاوا هاواری دەکرد..

سەربازەکان بەگوێی ئەویان کردبایە، هەنووکە لەتورکیادا تاکە کوردێکت نەدەبینی.. ئێمە، سەربازەکان چیمان دەکرد، هەر کوردێکمان بگرتبایە بەرەڵڵامان دەکرد، برای دینمان نین؟!.. بهاتایە پاشا بەم کەین‌و بەینەی زانیبا، خوا عەلیمە، سوپاکەی هەروەك کوردەکان گوللەباران دەکرد.. هەندێ لەسەربازەکان بوونە خودان سەروەت‌و ماڵێکی زۆر.. بەپارچە زێڕێك کوردێکی بەردەداو بەرەڵڵای دەکرد، کوردەکانیش دەسڕۆ بوون، زێڕیان زۆر بوو، من یەك قروشم لێوەرنەدەگرتن‌و بەرەڵڵام دەکردن، هەر بۆ پیاوەتی‌و مرووایەتی ئەوەم دەکرد.. لەولاتی ئێمەدا لەجیاتی گیانێك پارەو پوول وەرناگیرێ.. من لەجیاتی رۆحێك هیچ پارەیەکم وەرنەدەگرت.. جانتای هەر سەربازێکت بکردایەتەوە، پڕبوو لەپارە، پارچەزێڕ، ملوانکە، بازن، لووتەوانە، زنجیل کە وەك بازن لەقاچیان دەکرد، لووتەوانەش لەلا کەپوویانیان دادەنان..

بەهار چووینە بناری ئاگری، هەموو ئەو ناوەمان سوتاندو خاپوور کرد، هیچمان بەپێوە نەهێشت، کوردمان لەڕەگەوە هەڵکێشا.. کە لێبووینەوە، ساڵح پاشا ئێوارە ئەو ئاغا کوردانەی یارمەتیان دەداین بۆ چادرەکەی خۆی بانگکردن، منیشی بانگ کرد.. تا شەبەقیدا خواردمانەوە، سەمای بەئاغا کوردەکان کرد، خۆیشی لەشەرەفی ئەو کوردانەی کوشتبوونی لەسەریەکە بادەی هەڵدەدا، سمتی بادەدا، نەمانزانی چۆن رۆژ بووەوە.. پاشا زۆری دەرخوارد دام، من ئەو کاتانە ئەوەندە قسەم نەدەکرد. تا لەگەڵ تۆدا یەکترمان نەناسی، لەگەڵ بەنەی خوادا دەمم هەڵنەهێناوە، کەم دووم، من کە تۆم ناسی قسە زۆر دەکەم)..

(دەزانم، وایە..).

(دەزانی؟..) گورج وایگوت، وەك لەوە ترسابێ رێی پێنەدەم درێژەی پێبدا، بەپەلە لەسەری رۆیشت.. (..بەیانییەکەی تا ئەو کوردانەی هێشتا ماون قڕیان بکەین‌و پاکیان بکەینەوە، ئەوانەی کۆمەڵ کۆمەڵ لەچیاکانەوە دەهاتنەخوارێ‌و خۆیان بەدەستەوە دەدا زۆربەیانمان دەکوشت، ئەوانەی پارەو زێڕیان پێنەبوو دەمانکوشتن. بەیانییەك لەناو گاشە بەردەکانی بنار ئاگری لەگەڵ کوردەکاندا تێکئالاین، بەرامبەر یەکمان گرت، شەڕ گەرم بوو، کوردەکان نزیکەی پانزە کەسێك دەبوون. ئێمە

هەستمان کرد نایانەوێ بمانکوژن، قەستی کوشتنمانیان نەبوو، ئەگینا دەیانتوانی هەموومان بکوژن، ئەوان لەناو تاوێرەکانو ئێمەش لەدامێنەکە، دەشتاییەکی رووت. زۆرمان برینداربوو، بەڵام کەسمان نەکوژرا، دەستوتفەنگیان لەوەدا نەبوو، گوللەیان بەخەسار نەدەچوو، نیشانیان لەقاچو دەستمان دەگرت.. ئێوارە داهات، تاریکی ئەو ناوەی داپۆشی من پێکرامو کەوتم، دوای چەند رۆژێ بەئاگاهاتمەوە، هیچی وام لەبیر نەمابوو..).

هێواش هێواش بارانەکە خاوی کردەوەو وەستا.. لەپڕ خۆرەکە هەڵهاتو ئەو دەوروبەرەی رۆشناکردەوە. کۆلکە زێڕینە لەم پەڕ ئاسمانەوە تا ئەو سەری گرتەوە. دوو سێ کۆلکە زێڕینە یەك لەسەریەك، پانو گەورە، دەریاکە رەگی کۆلکە زێڕینەکانی دەدایەوە، پانو بەرین بەقەد دنیایە بەقەد ئاسمان بوونە بازنەیەك لەنێوان زەویو دەریاکەدا، ئێمە لەناو بەهەشتی ئەو رەنگانە لەناو جومبشو رۆشناییو تێکەڵبوونی رەنگو رۆشناییەکەدا ماینەوە، کەوتینە ناو تەمی ئەو رەنگانەوە، لەناوەڕاستی ئەو تۆفانەدا بووین.. لەسەر روومەتی سەلیمی ماسیگر رەنگەکانی کۆلگە زێڕینەکان دەبریسکایەوە، لەدنیاو خەونێکی دیکەدا بووین. لەخۆشیانا ناوەوەشمان بۆ دنیایەکیتر گۆڕا، کەوتبووینە ناوەڕاستی ئەو پەلکەزێڕینانەو دەفڕین.. دەریایەکی فێنك بەپەلکەزێڕینە داپۆشراو، بۆنو بەرامە ئەو ناوانەی گرتبووەوە هەر لەبۆنی خاكو خۆڵی دەکرد.. بەچکە تیتلەکناچەیەك هاتو لەسەر تەختە دارێکی بەلەمەکە نشتەوە، باڵەکانی تەڕبوون، لەسەر تەختەکە خێرا خێرا هەناسەی دەداو بەرەو پێشو پشتەوە دەهاتو دەچوو، خۆی بۆ نەدەگیرا.. تیتلەکناچەکان، سپی سپی، بەسەدان لەناو تەمی کۆلکەزێڕینەکاندا، لەناو درەوشانەوەی کۆلکەزێڕینەکاندا بەزیقە زیقو جریوە هەر ئەوەندە نەبوو شێتو هاربن، بەخێراییەکی رادەبەدەر، باوەڕنەکراو، بەباڵی تیژو دەنووکی زەردباویانەوە دێنە ناو بازنەکەو دەردەچن..

(کە چاوم کردەوە چی ببینم باشە، لەسەر چەرپایەیەکدام، لەناو نوێنێکی بنێشت ئاسا، سیستەرێك بەدیارمەوەیە، چاوێکی شینی جوان، چاوێکی جوانو گەورە، سپی وەك چوری شیر، کەڵەگەت، قژی بەسەر شانیا پەخشو پەریشان، دەستمی لەناودەستی خۆ ناوەو جوان جوان تەماشام دەکات، چاوە جوانەکانی پێدەکەنین، دەستی گرتووم، گەرم، تا بەم تەمەنە گەیشتووم، کەس ئاوا دەستی نەگرتووم، گەرم، گەرم، کەی بەسەرما داچەمیوەتەوە، بۆنی گوڵی لێوە دەهات، کەوا دەڵێم بەڕاستمە، بۆنی گوڵ، کە هەناسەکەی بەگژما دەهات، ناخمی دەورووژاندو دەهەژاند، فێنکاییەکی پێ دەبەخشیم، وام دەزانی تازە لەدایك بووم.. دەستی لەقۆڵم دەدا، گەرم، خۆش.. دەستی دەگرتم.. رۆژان تێپەڕی، بەرە بەرە بەخۆما هاتم، لەخوا دەپاڕامەوە، خودایە ئەمە چییە؟.. دەستی، دەستی دەخستە نێو دەستی خۆی، رۆژی سەعاتێ وای دەکرد.. چاوی چاوی شینی گەورە، بەقەد خونچەیەك تازە دەمی کرابێتەوە، هەناسەکەی هەناسەکەی بۆنی مسکی دەدا، لەخوا دەپاڕامەوە، خودایە زوو چاك نەبمەوە خوایە، وام دەگوت. بەرەبەرەش بەرەو چاك بوون دەچوومەو تینو هێزم وەبەرا دەهاتن.. قژی خاوی ناسك نەرم نەرم بەر روومەتم دەکەوت.. دەڵێم ئێرە کوێیە؟!.. دەڵێ، نەخۆشخانەی جەراح پاشایە.. سەربازێك لێرەکانە لەنەخۆشخانەی جەراح پاشا چ دەکات؟! وام دەپرسی.. تۆ، ئێستا سەرباز نیت، وای پێدەگوتم.. دەنگێکی نەرم، لەناخمدا کاری خۆی هەبوو..).

لەگەڵ تیتلەکناچەکاندا دەچووینە نێو کۆلکەزێڕینەکانەوەو دەردەچوین.. لایەکی دەریاکە لەولاوە خۆری بەردەکەوت، ئەوێندەریٚ ڕۆشنا ڕۆشنا دیاربوو، دەچریسکایەوە، لایەکەی تری بەتاریکی مابووەوە.. گەمییەکانیش بەناو کۆلکەزێڕینەکاندا تێدەپەڕینو ڕەنگی خۆڵەمێشیو ڕەنگی هەوریان دەگرت، لەو بانەشەوە بەسەر دەریاکەوە لەدوکەڵکێشەکانیانەوە دوکەڵیان دەردەداو بەلارە لار دووردەکەوتەوە.. لەگەڵ باڵندەکاندا، ئەوانەی دوای گەمییەکان کەوتبون لەگەڵ پاپۆڕەکاندا لەگەڵ هەورەکاندا دەچووینە ناو بازنەی کۆڵکەزێڕینەکانو دەردەچووین..

(ئەو ڕۆژەی لەنەخۆشخانە هاتمەدەریٚ، لەسەر قەرەوێڵەکەم دانیشت. چاوی لەدوڕ چاوم بڕی، ملی لار ڕاگرت هەر سەیری کردم، سەیری کردم، دەستمی خستبووە نێو دەستی خۆی گەرم گەرم، دڵم کەوتە فرتە فرت دڵم بووە یوریان، ئەی چۆن نابیٚ.. دەستم دەگریٚو لەسەر دڵی خۆی دادەنیٚ، دەستم ئەوەندەی نەدەما گڕ بگریٚ، دەستم گەرم دادیٚ خەریکە بسووتیٚ، قژی لەڕوومەتم دەخشا، هەناسەکەی بۆنی مسك بوو.. دەستم، پام لەحەژمەتدا دادەفەتکێن، دەحەلێن، دەتوێنەوە، دەزانم لەم نەخۆشخانەیە دەرم بێنن دەمرم، ڕۆح دەرناکەم.. ئەو وا ڕاوەستاوە تەماشام دەکات، وەك مردووبیٚ، نەخۆشییەکی گرانی توش هاتبیٚ تەماشام دەکات، ڕوومەتی سوور سوور هەڵدەگەڕیٚ، ئەمجا ڕەنگ لەڕوویا نامێنیٚ.. دەستم بەرنادا، دەیبا، دەیبا، ڕێك لەسەر دڵی خۆی دادەنیٚ.. من ئەمە بۆ کەس، کەس ناگێڕمەوە، زوانی خۆم دەبڕم، چ جارێکی کە ئەمە ناگێڕمەوە.. من لە(قوم قاپی)و ئەستەموڵ وەك یەکیٚ زوان لەدەمیا نەبیٚ دێمو دەچمو دەم هەڵناهێنم.. من ئێستاش، ئێستاش هەست بەگەرمی دەستی دەکەم، هەست دەکەم دەستی لەدەستمایە، پێی دەحەسێم، لەخۆشیانا هەر ئەوەندە نییە باڵ بگرم، کەیفم دیٚ.. دکتۆر پێی وتم، تۆ دەردەچیٚ دکتۆر دەڵیٚ، هێی ئەفەنی تۆ دەردەچی. کەچی من پێم ناخۆش بوو، وەك بۆ مردن بچم.. قژی، کراسەکەی، سپی وەك چوڕشیر، دەرگاکە مانگێکی سوری لەسەرە.. قژە زەردەکەی، کەمیٚ داوودەرمان، دەستی گرتووم.. پێم ئێژیٚ، سەلیم، سەلیم، سەلیـ یـ یـ م، بۆ تۆ سووتاوم، تۆ منت سووتاندووە، حەلاندووە، من لێرەکانە بەجیٚدێڵی خۆت بۆ کویٚ دەڕۆی سەلیـ یـ یـ م.

ڕەنگە لەدوامەوە هاواری نەکردبیٚ، لەوانەیە نەگریابیٚ، بەڵام من وام بیست.. ڕەنگە دەستیشمی.. نە ء نە ء گرتبووی، گەرم گەرم، گەرماییەکەی هێشتا لەناو دەستمدایە.. دەبوایە وابیٚ، وای گەرەك بوو.. وانییە؟.. من چۆنی لەگەڵ خۆمدا بۆ (قومقاپی) بهێنم؟.. قومقاپیەکی بیٚ سەروبەر، سەلیم، سەلیم، سەلیـ یـ یـ م.. یەکێکی وەك ئەو سەراو مەقامی لایقە، نوێنو چەرچەفی بنێشت ئاسای شایستەیە، زێڕو ملوانکە، سەلیم، سەلیـ یـ یـ م.. ئەوە چەند ساڵە نازانم، ئێستاش بۆ هەر کوێیەك بڕۆم، ڕوو لەهەرلایەك بکەم، لەچ دەریایەکدا بم، خۆ جاریٚ بەهار بۆ ناڵێی، کاتیٚ دەریاکان وەك خونچەیەکی شین دەم دەکەنەوە، دەبیٚ خونچە بڵێم، لەڕۆژانی پاییزیشدا هەمیشە گوێم لەدەنگێتی، ئێستاش، ئالەم ئانو ساتەدا کە لەگەڵ تۆدام، گوێم لەدەنگێتی، ئەمە یەکەم جارمە لەتەك کەسێکدابمو گوێم لەدەنگی بیٚو بژنەوم، سەلیم، سەلیم، خانەوێران بی کوێربی سەلیم..)..

کۆلگەزێڕینەکان هێدی هێدی سڕانەوە، کشانەوەو نەمان. هەمدیس دەوروبەر تاڵی کرد. بایەکی گەرمی شێدار، بۆنی خۆڵی هێناو ڕووی دەریاکەی شمزانو لستەوەو تێپەڕی. ئەمجا دڵۆپی گەورە گەورە دەریاکەی کوتاو جیٚ دڵۆپەکان لەسەر

دەریاکە دەرکەوتن. تیتلەکناچەکان بەسەر دەریاکەوە نیشتنەوەو دایان لەشەقەی باڵو هەڵفڕین. لەپڕ سەلیم چووە تەوریکی ترەوە، گۆڕا، وەك نیازی کوشتنمی هەبێ تەماشای کردم. راچەڵەکیم.. (تەنها تۆ دەزانی..) بەتوڕەبوونێکەوە وای گوت.. دریژەی پێدا..) لەم دنیایەدا تەنها خواو تۆو من دەزانین.. بیست ساڵە، چل ساڵە، سەد ساڵە لەدڵی خۆممدا شاردۆتەوە.. تەنها تۆ..).

ویستم لێی بپرسم، جارێکی کە نەگەڕایتەوە نەخۆشخانەکە، بەڵام نەمپرسی. پرسیارم بکردایە مەراق و خولیای خۆمم بۆ ئاشکرا دەکرد، نەمکرد.

(جارێکی‌تر چۆن، چۆن بەبەردەم ئەو نەخۆشخانەیەدا تێپەڕم.. بەم بارەمەوە، ئەم سەلیمە ماسیگرە هیچ و پووچە، ئەم ئەشقیایە، ئەم بێ پارەوپوولە، بۆن ماسی هاتووە، ئەم بێفەڕە، ئەم دینە، ئەم بێقیمەتە، ئەم فێڵبازی نانمەکە، دەمپیسی جوێن فرۆشە، ئەم خۆهەڵکێشە بێ ماڵو حاڵە، بێ رووە.. رۆژێ بەخۆمم گوت..).

بەبێئومێدییەکەوە تەماشای کردم، دەسەسرێکی چڵکنی لەگیرفان دەرهێنا، دەم‌وچاوی خۆی پێ‌سڕی، هەناسەیەکی هەڵکێشا، هەناسەکەی بەبادا دا.. (ئەم بێ حاڵو هیچ نەبووە..) وای گوت و چاوەکانی پڕبوون لەکەسەرو خەم..

وتم (هەموو رۆژێ بیری لێناکەیتەوە، ناکەوێتە یادت.. خەونی پێوە نابینی؟).

وەرامی نەدایەوە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، هەستایە پێ، بەهەموو هێزێکی پەتی ماتۆڕەکەی راکێشا.. وتی (بابڕۆین.. براخاس. لەچقوورئووای لای ئێوە براخاس جوانترین وشەی دۆستایەتیە..).

پرسیم: (بۆچی چووی بۆ چقوورئووا؟!).

(ئەی چۆن، رۆیشتووم، وتیان لەوێندەری پارەوپولێکی مشە هەیە، منیش لێمدا رۆیشتم، بەلەرزوتایەکی کوشندەوە گەڕامەوە، سێ ساڵ پێوەی تلامەوە، دوای ئەوە کار نەما نەیکەم.. بوومە گەشتیوان، تا ئەمریکا رۆیشتم، بۆ پارەپەیداکردن چووم. لەو رێگایەدا سەرم لەسەختترین بەرددا..).

وتم (ئومێدت لێبڕییە..؟).

(ئومێدم بمێنێ، ئومێدم کەوتۆتە سەر ئەو شیرماسییە ئا بەوێدا تێی تەقاند..).

(دەیگری..).

(ئا، دەیگرم.. کە گرتم یەکسەر بۆ هیلتۆن.. قاتێ جلی جوان لە(بایئۆغلو) دەکڕم و پێکەوە دەڕۆینە ئەو هۆتیلە..).

(وا دەکەین..).

(زۆر باشە..).

(یاڵڵا لەوانەیە ئێستا تۆڕەکان تژی بن لەسوورە ماسی.. کاتێ کە شیرماسییەکەشمان گرت، لەبایئۆغلۆ سەری خۆمان گەرم دەکەین..).

(گەرمی دەکەین)

(ساڵانێکە نەمخواردۆتەوە.. تام‌و رەنگیم خەریکە بیربچنەوە). بێ ئەوەی هیچ بڵێین بەرەو تۆڕەکان بەڕێکەوتین.. دەسمان بەڕاکێشانی تۆر کرد، پڕبوو لەسوورەماسی..

*ئەمە بەشێکە لەڕۆمانێکی یەشار کەماڵو ئامادەیە بۆ چاپکردن.. Deniz Kustu ئەستەمووڵ 1983.